# رۆحم بۆت دەكەمە فرمێسك

★ كاوەی خەسرەوكاوانی ★

هێندە لەژێر
سێبەری عیشقی تۆگریام
زۆردەترسم فرمێسكەكانم قەتیس بن
ئەی چی بۆتۆلەدوای  فرمێسكا بڕێژم...؟
زۆردەترسم ئەوهیوایەی
هێندەی جیهانێك بەرینە
هەمووی بۆم ببێتە گۆڕو
یەكەیەكە حەزەكانی لێ بنێژم

★ ★ ★

گەرفرمێسكیشم قەتیس بوو
دلگیرمەبە
رۆحم ئەخەمە چاوانم
بالەجێ ی فرمێسكا بڕژێ و
تنۆك تنۆك بێتە خوارێ
تادوایی دێ ,
كێم لە تۆ ئەزیزترهەیە...؟
بۆتۆنەبێ
ئەی بۆكێ رۆح كۆتایی بێ .

kawa_kiwiny@yahoo.co.uk